# بۆردومانکردنی هەرێمی کوردستان رابگرن..!

## یاداشتنامەی فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

بۆ بەڕیزان :

- نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان
- رێکخراوە بیانی و نێودەوڵەتییەکان

سەرجەم کونسولخانەکانی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان

- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی فیدرال
- پەرلەمانی کوردستان
- حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە ماوەی رابوردودا چەندینجار لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێ (ئێران و تورکیا)وە سەروەری خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان پێشێلکراوە و بە فرۆکەی جەنگی، موشەکباران و لەشکرکێشی هەڵیانکوتاوەتە سەری و بۆتەهۆی دروستبوونی پەشێوی و دڵەڕاوکێ لای هاوڵاتیان، لەئەنجامدا سەدان شەهید و هەزاران برینداری لێکەوتۆتەوە.

دوا کـردەی تاوانکـاری و پێشـێلکاریش رۆژی 2022/9/28 بـوو، کە لەلایەن کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانەوە چەند ناوچەیەکی جیاوازی هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی کرانە ئامانج و بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و موشەك، بۆردومانی خەڵکی سڤیل کراو لە ئەنجامدا (18) شەهید و (46) برینداری لێکەوتەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە خودی (فەرماندەی هێزەکانی زەمینی ئێران) بە فەرمی رایگەیاند کە "لەرێگا موشەك و درۆنەوە (73) جار، لە (60) شوێن، بنکە و بارەگامان لەناو جەرگەی هەرێمی کوردستان کردە ئامانج".

ئێمە وەك فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، پرسە و هاوخەمی خۆمان ئاڕاستەی کەسوکاری شەهیدان دەکەین و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین. هاوکات بە توندی ئیدانەی ئەو کردە تاوانکارییەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین، لەژێر هەر پاساوێکدا بێت، چونکە کردەیەکی دژ بە مرۆڤایەتییەو پێچەوانەی تەواوی پرەنسیپەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و سەرجەم یاسا نێودەوڵەتییەکانە، لەئەنجامدا خەڵکی سڤیل، ژن و منداڵ، قوتابخانە و نەخۆشخانەو دامەزراوەی مەدەنی و شوێنی ژیان کراونەتە ئامانج. سەدان خێزان لە زێدی خۆیاندا ئاوارەبوون، دڵەڕاوکێی لەنێو هاوڵاتیاندا بڵاوکردۆتەوەو بۆتەهۆی شێواندنی بازاڕ و راگرتنی پرۆسەی خوێندن لەو ناوچانەدا. بۆیە داوای راگرتنی دەکەین.

**لەو چوارچێوەیەدا و بۆ ئەم مەبەستە:**

- داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکەین هەرچی توانای خۆیانە بیخەنە گەڕ بە مەبەستی راگرتنی ئەو کردە تاوانکاریانەی دەوڵەتی ئێران، کە مەترسی خستۆتە سەر تەواوی ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان.

- داوا لە حکومەتی عێراق دەکەین ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆی لە ئاست پاراستنی سەروەریی خاکەکەی جێبەجێ بکات.

- داوا لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین هەڵوێستی بەرپرسیارانەی جدی بنوێنن و هەموو هەولێك بخەنە گەڕ لەپێناو راگرتنی ئەم دەستدرێژییانەو بەدەم لێقەوماوان و قوربانیانەوە بچن.

فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

2022-09-29

## هەوڵدەدات لەپێناو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی،

## مافی مرۆڤ و کۆمەڵی مەدەنی

ناوی ڕێکخراوەکانی فیدراسیۆن :

١- سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ- DHRD

٢- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان PAY

٣- پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- KIE

٤- ڕێکخراوی ماڵی سەرکەوتن بۆ گەشەپێدانی تواناکان

٥- ناوەندی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ

٦- ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کەلتوری مەدەنی ARAN

٧- ڕێکخراوی گەشەپێدانی چالاکی لاوان YADC

٨- ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی (چمک)

٩- ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی ژنان- WOLA

١٠- ڕێکخراوی هەڵوێست

١١- ڕێکخراوی تیمی ئاشتی جڤاکی CPT

١٢- ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان